# فەلسەفەی سیاسی چییە؟

ن. رامین جهانبگلو
و. لە فارسییەوە: عەتا جەماڵی

ئەمڕۆکە ناتوانرێ سیاسەتی مۆدێرن بە دابڕاو و بەبێ پێوەندی لەگەڵ سوننەتی فەلسفەی ڕۆژاوا لەبەر چاو بگیرێ، چونکە بۆ ئاوا هەڵبڕانێک پێویستە مێژووی هزری سیاسی ڕۆژاوا بناسرێت و پرسیاری لەبارەوە بکرێت. لە وەها حاڵەتێکدا ئێمە دیسان بۆ جارێکی تر دەکەوینەوە ناو سوننەتی فەلسەفەی سیاسی ڕۆژاواوە. سوننەتی فەلسەفەی سیاسی لە ماوەی 25 سەدەی رابردوودا وەك دابڕانێك خۆدەنوێنێ کە تا بە ئەمڕۆکە زۆربەی باوەڕ و یەقینە فکری و فەلسەفییەکانی مرۆڤایەتی بردۆتە ژێر پرسیارەوە. بەردەوام و درێژەداربوونی ئەم سوننەتی دابڕانە لەبەر ئەوەیە کە فەلسەفەی سیاسی بەردەوام بەشوێن ڕاستییەکدا دەگەڕێ کە واتای خۆی لە جووڵەی خۆیدا بدۆزێتەوە. لەبەر ئەوەی لەو لایەنەوە هەر چەشنە پرسیارێکی فەلسەفی سەبارەت بە سیاسەت لەم" خۆ جووڵەییە" ی چەمکی هەقیقەت دا کورت دەبێتەوە. بەم پێیە هەڵەیە ئەگەر ئیدعا بکەین کە ئەمڕۆکە شایستەیی گەڵاڵەی هەر چەشنە پرسیارێکی فەلسەفی و دادوەرییەکی ڕەخنەگرانەمان سەبارەت بە ڕووداوە سیاسییەکان دۆڕاندووە، چونکە لەم حاڵەتەدا گوتەزایەك لە ژێر ناوی فەلسەفەی سیاسی لە ئارادا نابێت.

گەڵاڵە کردنی پرسیار سەبارەت بە سیاسەت بە مانای کەوتنە ناو چوارچێوەی فەلسەفەی سیاسی،وەک لقێکی تەکنیکی و زانستی نییە. فەلسەفەی سیاسی بە پێچەوانەی فیزیکی ناوەکی یان زیندەوەرناسی خانەیی، لقێکی پسپۆڕی نییە، چونکە چوارچێوەیەکی داخراو نییە کە فەیلەسووفان لەوێدا تەنیا لەگەڵ یەکتردا دانیشن بۆ دیالوَگی فەلسەفی. بێگومان ئاوا دیالۆگێك لە نێوان شارۆمەندانی کۆمەڵگایەك دا بیچم دەگرێ و لە قاڵبی چەمکگەلێکی فکری دا دەبێتە فەلسەفەی سیاسی. بەڵام فەلسەفەی سیاسی خاوەنی تایبەتمەندییەکە کە لە سەرەتای دەرکەوتنی لە یۆنانی کۆنەوە تا بە ئێستا هەر هەبووە. ئەم تایبەتمەندییە لە پرسیارکردن سەبارەت بە لەبەرچی و چلۆنیەتی ژیانی مرۆڤ لە کۆمەڵگای سیاسی دایە. ئەم پرسیارە گرینگە هەر لەو کاتەوە لەگەڵ پرسیارێکی سەرەکیتردا هاتووە کە ئەویش گەڵاڵەکردنی تەوەری " باشترین جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی" یان بە گوتەیەکی تر گەڵاڵەی پرسیاری " باشترین سیستەمی سیاسیی" یە. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەیە کە پرسیارکردن سەبارەت بە دەسەڵات و درێژ بوونەوەی لە مێژوودا لە پرسیارە کلیدییەکانی فەلسەفەی

سیاسی دێتە ئەژمار. هەڵبەت یەکێك لە بابەتە هەمیشە گرینکەکانی فەلسەفەی سیاسی ئەوەیە کە دەسەڵات چ دامەزراوەگەلێکی بە دواوەیە، واتا لە چ قاڵبێکی شارستانی دا بیچم دەگرێ. یەکێك لە دامەزراوەکان " یاسا "یە کە لە روانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە جیا نییە لە جەوهەری سیاسەت. هەروەها لەبۆ فەلسەفەی سیاسی گەلاڵە کردنی پرسیاری بونیادیی " سیاسەت " لەگەڵ گەلاڵە کردنی پێوەندی نێوان فەزای گشتی و فەزای تایبەتی (جیا نەکردنەوەی لە نێوان کلاسیکەکان دا و جیا کردنەوەی لە نێوان مۆدێرنەکاندا)دا هاتووە.

کەواتا هەروەك دەبینین فەلسەفە و سیاسەت لێك جیا ناکرێنەوە . فەلسەفە ، لە کۆمەڵگای مرۆڤەکان، واتا کۆمەڵگای سیاسی دا سەر هەڵدەدا و ئەندێشەی سەبارەت بە سیاسەت خۆی دەبێتە چەمکێکی فەلسەفی. هەر لەبەر ئەوە ئەندێشەی سیاسی هزرێکی تاکییە بەلام مانایەکی گشتی هەیە ، رەنگە لەسەر چەمکگەلێك دەدوێ کە گشتی و جیهانین. بە گوتەیەکی تر ، پرسیار کردن سەبارەت بە وجوودی هاوبەشی مرۆڤەکان پرسیارێکی فەلسەفییە. ئەم پرسیارە " لە" from و "لەبۆ"to کۆمەڵگا سیاسییە جیاوازەکان مانای جیاواز بە خۆوە دەگرێت. دەشێ ئەم کۆمەڵگایانە دیموکراتیك بن یاخود ئیستبدادی یان تۆتالیتێر ، واتا بە گوتەیەك " کۆمەڵگای کراوە" بن یاخود "کۆمەڵگای داخراو". کۆمەڵگای دیموکراتیك بەرهەمی دیاردەیەکە کە تۆکۆڤیل بە " شۆڕشی دیموکراتیك " ناودێری دەکات. لە روانگەی ئەوەوە دیموکراسی دیاردەیەکە کە گەیشتۆتە ئەنجامی کۆتایی هاتنی زنجیرە پلە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان و بە لووتکە گەیشتنی تاکێتی. لە کۆمەڵگا دیموکراتیەکان دا بە پێچەوانەی کۆمەڵگا ئیستبدادی و تۆتالیتێرەکان یاسا لە سەرەوە و بە چەشنێکی سەروەرانە نادرێتە تاکەکان، بەڵکوو بەرهەمی کرداری سۆژە ئازاد و خودموختارەکانە کە وەک شارۆمەندێکی سیاسی یاسا لەخۆیاندا دەروونی دەکەن. بەم پێیە لە روانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە پرسیار لەسەر سیاسەت ، پرسیارە سەبارەت بە "ژیانی هاوبەش"ی مرۆڤەکان و فەیلەسووف کەسێکە کە بیر لەم وجوودە هاوبەشە دەکاتەوە و بە مێشکێکی ئازادەوە سەبارەت بەم تەوەرە دیالۆگ دەکات. بەلام فەیلەسووف ، بە قسەکردن سەبارەت بە وجوودی سیاسی ( کە بە پێی پێناسەکەی شتێکی هاوبەشە ) پێویستی بە فەلسەفەی سیاسییە. لەو لایەنەوە کە فەیلەسووف خۆی شارمەندی کۆمەڵگای سیاسییە دەکرێ بگەیتە ئەم ئەنجامە کە فەلسەفەی سیاسی خۆی بەرهەمی کۆمەڵگایەکی سیاسییە کە بیر لە ئامانج و غایەتەکانی ژیانی هاوبەشی خۆی دەکاتەوە. بە واتایەکی تر ، بە هەمان ئەو رادەیەی کە سیاسەت وەک هونەری رێکخستنی کۆمەڵگا ، بە درێژایی سەدە یەك لە دوای یەکەکان دا لەگەڵماندا بووە ، پرسیاری فەلسەفی لەسەر سیاسەت لە کۆمەڵگا سیاسییەکان دا گەلاڵە کراوە. ئەوەش دەشێ لەبەر ئەوە بێت کە سیاسەت خۆی خاوەنی ناوەرۆکێکی تەواو مرۆڤانەیە. واتا نە

جەوهەرێکی ئاژەڵی هەیە و نە جەوهەرێکی خوداوەندی، بەڵکوو دەگەڕێتەوە بۆ جەوهەری کۆمەڵایەتیی مرۆڤ. بەلام ئایا هەر کۆمەڵگایەکی مرۆیی دەتوانرێ بە گۆمەڵگایەکی سیاسی دابنرێت؟ و ئایا لە کۆمەڵگایەکی مرۆیی دا هەموو شت سیاسییە؟ یان ئەوەیکە لە نێوان سیاسەت (**La politique - polities**)و کاروباری سیاسی دا (**le politique-policy**) جیاوازی دابنرێت؟ هەروەها چلۆن دەبێ جیاوازی بکرێ لە نێوان ئەوەی کە سیاسییە و ئەوەیکە سیاسی نییە ( بۆ وێنە رەهەندی جوانیناسانە ) مەگەر جگە لەوەیە کە بە سیاسی کردنی رەهەندە ناسیاسییەکان هەمیشە وێرانی بەرهەم دێنێت (دوو ئەزموونی فاشیزم و ستالینیزم لە سەدەی بیستەم دا بەڵگەن بۆ ئەم بابەتە) ؟

کەواتا لێدوان لەسەر فەلسەفەی سیاسی دەبێ بە چ شێوەیەك بێت؟ دەتوانین تا چەندە لە فەلسەفەیەك بدوێین کە لە سیاسەت دەکۆڵێتەوە بەلام مەترسی بە ئایدیۆلۆژی بوون هەڕەشەی لێ ناکات ؟ لە راستیدا کاتێك کە باسی فەلسەفەی سیاسی دێتە ئاراوە، دەبێ جیاوازییەك لە نێوان ئەو زانستانەدا دابنرێت. زانستی سیاسی بە ناس کردنی داتاکانی کرداری سیاسی دەگوترێ کە لە کاروباری دەرکردنی بڕیاری سیاسی دەکۆڵێتەوە. بەم شێوەیە زانستی سیاسی کاری تاقیکردنەوە و دۆزینی فاکتەرە تایبەتەکانی سیاسەت دەکات بەلام ئاوڕێك لە جەوهەری سیاسەت ناداتەوە. بە پێچەوانە ، فەلسەفەی سیاسی لە چییەتی، واتا و بیچم گرتنی چەمکی سیاسەت خورد دەبێتەوە ، واتا مەبەستی ئەو جۆرێك لە دیاردەناسیی سیاسەتە. رەنگە هەر بەم هۆیە، فەلسەفەی سیاسی لە رۆژمەڕەیی دوور دەکەوێتەوە و وەك فکرێکی فەلسەفی روانینێکی رەخنەگرانەی هەیە بۆ گوتەزای سیاسەت. بەلام دوورکەوتنەوەی فەیلەسووفی سیاسی لە رۆژمەڕەیی سیاسەت بە مانای بێ بایەخ بوونی ئەو بە مانای مێژووی مرۆڤایەتی نییە. فەیلەسووفی سیاسی لە تەنیایی ژووری کارەکەی دا قەڵەم چێ دەکات بەلام بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو دەرگیرە لەگەڵ واقعیەتی سیاسیی جیهاندا.

لە راستیدا دەشێ بگوترێ فەیلەسووفی سیاسی دەست دەبات بۆ جۆرێك "رەخنە لە ئاوەزی سیاسی" ، واتا لە دادگای ئاوەزدا دادوەری لەسەر چەمکی سیاسەت دەکات. لێرەدا پێویستە ئاماژە بکرێت بە جیاوازی نێوان فەیلەسووفی سیاسی و ئیدئۆلۆگ. ئیدئۆلۆگ بەندیی بونیادگەلی ئیمانیی پڕۆژە سیاسییەکانی خۆیەتی لە حاڵێکدا کە فەیلەسووفی سیاسی بە بەراوردێکی رەخنەگرانەوە پڕۆژەگەلی سیاسیی چوارچێوە ئیمانییەکان دەخاتە بەر پرسیار. ئیدئۆلۆگ هەمیشە و بە بەردەوامی بەرگری لە واقعیەتێکی سیاسی دەکات کە بە رەهای دەزانێ، بەلام فەیلەسووفی سیاسی بەردەوام بە شوێن حەقیقەتی سیاسی دا دەگەڕێ. رەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێت کە فەلسەفە لە سەرەتای

سەرهەڵدانیەوە پرسیاری سەبارەت بە "نوێکاری و داهێنانی سیاسی" گەلاڵە کردووە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ رەچەڵەکی یۆنانیی دوو چەمکی " سیاسەت" و " فەلسەفە" واتا بۆ دوو وشەی politeia و philosophia دەبینین کە لای یۆنانییەکانی کۆن ئەم دوو بابەتە تەنیا لە چوارچێوەی دەوڵەتشار یان پولیس **polis** دا مانا دەدات لە روانگەی یۆنانییەکانی کۆنەوە "سیاسەت" لە بنەڕەتەوە شتێکی مرۆییە نەك خودایی. هەروەها سیاسەت لە پولیسی یۆنانی دا دەکەوێتە چوارچێوەی روانینی گەردوون تەوەرەوە و بەشێکە لە سروشتی جیهان **phusis** . کاتێ ئەرەستوو دەڵێ: مرۆڤ بە سروشتی ئاژەڵێکی سیاسییە، مەبەستی ئەوەیە کە سروشتی مرۆڤ ئەوی بۆ ژیان کردن لە دەوڵەتشاردا ئامادە کردووە. کەواتا دەوڵەتشار یان پولیس، کە وشەی سیاسەت **politeia** لەوەوە دەرچووە کۆمەڵگایەکە کە بە شێوەیەکی سروشتی بیچمی گرتووە و راستەقینەی ئەو لە چوارچێوەی نەزمی گەردووندا مانا پەیدا دەکات.

بە گوتەیەکی تر لە روانگەی یۆنانییەکانی کۆندا مرۆڤ هیچ پاساوێکی نییە بۆداهێنان لە ژیانی سیاسی دا، چونکە وەك "پێدراوێکی سروشتی" نراوەتە خزمەتی. کێشەی سەرەکیی مرۆڤەکان بیچم پێدان و ساغکردنەوەی ئەم " پێدراوە سروشتییەیە" کە ئەرەستوو وەك " سامانی سیاسی کۆمەڵگا" باسی لێدەکات. بەم شێوەیە، سیاسەت لە روانگەی یۆنانییەکانی کۆن دا " هونەری رێکخستنی کۆمەڵگا"یە کە لەسەر ئەساسی لۆژیکێکی گەردوون تەوەر بیچم دەگرێ. هەر بەم هۆیە، لە روانگەی فەیلەسووفە یۆنانییەکانەوە ژیان کردن لە دەوڵەتشارەکاندا شتێکی زەرووریيە. بە بۆچوونی ئەرەستوو : "ئەو کەسەی کە ناتوانێ لە کۆمەڵگادا بژی و یان ئەو کەسەی کە خۆژیێنە و پێویستییەکی بە کۆمەڵگا نییە، یان خودایە یان ئاژەڵێکی کێوی." کە واتا لەلای یۆنانییەکانی کۆن غایەتی سیاسەت ، ژیان کردنە لە دەوڵەتشاردا کە "زانستی کردار" **prattein** ی لەگەڵدایە. " زانستی کردار" مەعریفەیەکە کە هونەری رێکخستنی کۆمەڵگا لە رێگەی داهێنانی یاساوە گەلاڵە دەکات. لەم رووەوە سیاسەت تەنیا بەڕێوەبردنی کارەکانی کۆمەڵگا نییە. بەڵکوو کار و کردارێکیشە لە ئاراستەی هەڵبژاردنی دروستی یاساکاندا. کێ یان چ کەسانێك ئەم یاسایانە هەڵدەبژێرن؟ لە روانگەی ئاتینییەکانی سەدەی پێنجی پێش زایینەدا، بڕیاردان لەسەر یاساکان و هەڵبژاردنی دروست و عادلانە، هیچ کات لە ئەستۆی یەك تاك دا نییە، بەڵکوو بەستراوە بە هێزی کۆمەڵێکەوە. هەر لەبەر ئەوە، ئەرەستوو لە بەشی سێهەم ، بەندی یەکەم، پاراگرافی ، 1275ی کتێبی سیاسەت دا دەنووسێ: " لە ئاتینی دیموکرات دا دەسەلات مڵکی هیچکەس نییە".

ئەو ئاتینییانەی بەشداری دەکەن لە بڕیارە سیاسییەکاندا و هەموان خاوەنی بەرابەریی دەربڕین **isegoria** و بەرابەری لە بەرانبەر یاسا **isonomia** دان، شارۆمەندانی پیاوی سەروو هەژدە ساڵن و لە دایك و باوکی ئاتینی داکەوتوون. لەم رووەوە دەوڵەتشار تەنیا فەزایەك نییە بۆ زیندوو مانەوە بەڵکوو بەر لە هەر شتێك " فەزای سیاسیی ژیانی هاوبەشە"، واتا پانتایەکی هەمەلایەنە کە کۆمەڵ تیایدا ئامادە دەبێت. کەواتا راستەقینەی دەوڵەتشار راستەقینەی کرداری ئازادی شارۆمەندانە. بەم شێوەیە، حەقیقەت راستییەکی باڵا نییە کە لە جەوهەری دەوڵەتشار جیا بێت. دەوڵەتشار لە باوەڕ و هزری شارۆمەنداندا کورت دەبێتەوە. لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە سوننەتی ئەفلاتوونیی ململانێ لەگەڵ باوەڕەکان و گەڕان بەشوێن حەقیقەتی باڵا لە جیهانی ئایدیاکاندا بکرێ کە بەرهەمی دژوازیی سەرسەختانەی ئەفلاتوونە لەگەڵ کارکردی دیموکراسی ئاتینی دا. ئەفلاتوون بە داکۆکی کردن لە سەر جیاکردنەوەی " جیهانی ئایدیاکان" لە " جیهانی وجوود" ی دەوڵەتشاری ئاتینی، ئۆتۆریتەی راستەقینەی سەروەر دێنێتە ناو فەلسەفەی سیاسیی یۆنانی کۆنەوە.

فەلسەفەی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاست کە بەرهەمی سەروەریی مەسیحییەتە لە ئەورووپادا، کاریگەری لە دوو سوننەتی فەلسەفەی ئەفلاتوونی ( لە یۆنان) و رەواقی (لە رۆمای کۆن) وەرگرتووە. لەم رووەوە، دنیای سەدەکانی ناوەڕاست فەلسەفەی سیاسی دەخاتە ژێر دەسەڵاتی ئیلاهیاتی مەسیحییەتەوە. فەلسەفەی سیاسیی مەسیحییەت لەسەر بنەمای ئەندێشەی فەلسەفی قەشەکانی کڵێسا واتا کەسانێکی وەك "ئاگوستین"ی پیرۆز، "پۆل"ی پیرۆز و "تۆماس ئاکڤیناس"ی پیرۆز، داڕێژراوە. "پۆل"ی پیرۆز لە وتارەکەی خۆیدا بۆ رۆمییەکان دەڵێ: "جیهانی مرۆڤەکان دەبێ پەیڕەوی لە یاسای سیستەمی خوداوەندی بکات" و "ئاگۆستین"ی پیرۆز لە درێژەی رێگەی "پول"ی پیرۆزدا، فەلسەفەی سیاسی خۆی لەسەر بنەمای جیاکارییەك لە نێوان دەوڵەتشاری خوداوەندی **cite de Dieu** و دەوڵەتشاری مرۆیی **cite de homes** دادەنێ. بەم چەشنە، ئیتر تەوەری سەرەکی فەلسەفەی سیاسیی سەدەکانی ناوەڕاست چەمکگەلێکی وەك "پۆلیس" یان "سی ڤیتاس" **civitas** نییە، بەڵکوو چەمکی یان قەڵەمڕەوی پاشایەتی، کە مەبەست قەڵەمڕەوی حەزرەتی مەسیحە.

فەلسەفەی سیاسی مەسیحی ناگەڕێ بە شوێن پێکهێنانی دەوڵەتشارێکی " ئەم دنیایی"دا و هەر لەبەر ئەوەش کار لەسەر گوتەزای "کاروباری گشتی" **res publica** ناکات، بەڵکوو باس لە یاسای خوداوەندی و کۆماری خوداوەندی دەکات. هەر لەبەر ئەوە، رۆڵی فەلسەفەی سیاسیی کڵێسای مەسیحی، پێکهێنانی دەلالێکی نێوان ئیرادەی خودایی و ئیرادەی جەماوەرە. بەڵام فەلسەفەی سیاسیی مەسیحیی چەمکی سیاسەت دەخاتە قاڵبی سیستەمێکی

زەینی نوێوە کە مەودایەکی بێ کۆتا و بێ کەنار لە نێوان خودا و مەخلووقەکانی دا دروست دەکات. بەم شێوەیە لە فەلسەفەی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاست دا دەوڵتشاری مرۆیی، مانا فەلسەفییەکەی لە ئۆتۆریتەی خوداوەندییەوە وەردەگرێ و ئامانجی کرداری مرۆڤەکان لە زەمینەی سیاسیدا هیچ نییە جگە لە دەست ڕاگەیشتن بە ژیانی " ئەو دنیایی". کەواتا هەر بەو شێوەیەی کە لە لای یۆنانییەکانی کۆن دەوڵتشار بەبێ گەڕانەوە بۆ چەمکی " فووسیس" و چوارچێوەی " گەردوون تەوەر" بێهوودە و بێ مانا دەنوێنێ، هەر بەو شێوەیەش لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسی سەدەکانی ناوەڕاست دا کرداری مرۆیی بە بێ سەرنج دان بە ڕوانینێکی خودا تەوەر هەڵگری ڕوونکردنەوە و وەسف نییە.

دابڕانی ڕاستەقینەی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن لە هزری سیاسی کلاسیك لە سەدەی هەڤدەهەمی زاینی دا ڕوودەدات.
لێرەدا مۆدێرنیتە بە رەخنەگرتن و تێپەڕاندنی دوو ڕوانگەی کەیهان تەوەری ڕوومی و خودا تەوەری سەدەکانی ناوەڕاست، دەستی دەگاتە جیهانێکی ئاوەز تەوەر. لەم کاتەوە بە دوا تەوەری سەرەکی فەلسەفەی سیاسی، "داهێنانی سیاسی"یە. بە گوتەیەکی تر، سیاسەت خۆی دەبێتە بەرهەمێکی مرۆیی **artefactum** کە دەبێ دابهێنرێت. لەم سەردەمەدا تووشی تیۆرییەکانی پەیمانی کۆمەلایەتی دێین کە ئامانجی سەرەکییان شرۆڤە و لێکدانەوەی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای سیاسی و دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بۆ پتەو کردنی سامانی کۆمەلایەتییە. پەیمانە کۆمەلایەتیە مۆدێرنەکان، بە پێچەوانەی پەیمانە کۆمەلایەتییەکانی سەردەمی کۆن و دەورەی سەدەکانی ناوەڕاست هەموان پەیڕەوی لە ئاوەزمەندییەکی سیاسی، فەلسەفی و کۆمەلایەتی دەکەن و بە پێچەوانەی پەیمانە مەسیحییەکان لەسەر بنەمای ڕوانگەیەکی پۆلێنبەندیکراو زنجیرە پلەیی داناندرێن. هەر بەم ئاراستەیە، لە پەیمانە کۆمەلایەتییە مۆدێرنەکان دا دەسەڵاتی دنیایی(potestas)ئیتر لە ژێر دەسەڵات و ئۆتۆریتەی(auctoritas) پاپ و کڵێسادا نییە.
لەگەڵ دەسپێکی سەدەی هەڤدەهەمی زایینی دا، تیۆریی "مافی سروشتی" جێگەی "مافی خودایی" دەگرێتەوە و شێوەی چەمکێکی کلیدیی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن دەگرێتەی خۆی. فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن بە دوورکەوتنەوە لە چوارچێوەی خوداوەندی – سیاسی **theologico-politique** کە خاوەنی چییەتییەکی گشت گەرایە **holistic** سیاسەت دەخاتە سەر بنەمای جیهانێکی ئاوەز تەوەر. لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسیی ئاوەز تەوەر دا، سیاسەت ئیتر پێداوێکی سروشتی نییە بەڵکوو توخمێکە کە دەبێ داهێنانی تێدا بکرێت. ئەمە دەورەی یەکەمی مۆدێرنیتەی سیاسییە کە لە ئەندێشەی ماکیاڤێلییەوە هەتا ڕووودانی شۆڕشی فەڕەنسا لە ساڵی 1789 درێژە

دەکێشێت. بابەتێکی سەرەکی کە لەم دەورەیەدا لە زەمینەی فەلسەفەی سیاسی دا گەلاڵە دەکرێ، پەیوەندی راستەوخۆی نێوان جیهانی ئاوەز تەوەر( یان ئاوەزمەندیی مۆدێرن) و دەسەڵاتی سیاسی (یان حاکمییەت) یە. بە خوێندنەوەیەکی نوێی دەقە یۆنانی و رۆمانییەکان، روانینێکی نوێ لە فەلسەفەی سیاسی دا دروست دەبێ کە لە قاڵبی چەمکی "حاکمییەت" دا بیچم دەگرێ. چەمکی حاکمییەت دەرخەری فەلسەفەیەکی سیاسییە کە ئیتر بە شوێن دەست راگەیشتن بە ژیانی ئەو دنیاییەوە نییە، بەڵکوو بە شوێن پێکهێنان و پاراستنی کۆمەڵگایەکی سیاسییەوەیە کە لەسەر بنەمای بیرۆکەی پەیمانی کۆمەلآیەتی گەلاڵە کراوە. مەبەست لە " حاکمییەت" لێرەدا نە دەوڵەتشارێکی گەردوون تەوەرە و نە دەسەڵاتێکی سیاسیی خودا تەوەر، بەڵکوو دەسەڵاتێکی ئەم دنیاییە کە لە گرەوی ئیرادە و بەرپرسیارێتی تاك بە تاکی تاکە کۆمەلآیەتییەکان دایە. بەم پێیە دەشێ بگوترێ لە چوارچێوەی "حاکمییەت" دایە کە مۆدێرنەکان، مێژوو، "لەم جیهانەدا" و لەسەر بنەمای "سیاسەتێکی ئەم جیهانی" بیچم پێ دەدەن. بە گوتەیەکی تر، فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن ( کاروباری گشتی )، لە پێوەندی لەگەڵ سروشتێکی ماتماتیکی کراو و خاوەندار کراودا دەخاتە بەر بیر لێکردنەوە، واتا لەسەر بنەمای چەمکی دیکارتیی res extensa. لە مێژووی فەلسەفەی سیاسیی رۆژاوادا، ماکیاڤیلی وەك یەکەمین تیۆریسیەنی " حاکمییەت"ی مۆدێرن ناسراوە، بەلآم سەیر لێرەدایە کە ئەو هیچ کات ئەم چەمکە لە نووسینەکانی دا بەکار ناهێنێت. ماکیاڤیلی وەك دابڕان لە نەزمی خودایی – سیاسی، دەڕوانێتە سیاسەت و بە ناوی قەڵەمڕەوێك لە دەسەڵات باسی لێوە دەکات کە لە راستیدا حاکمییەتی مۆدێرنە. بەم شێوەیە، دەشێ بگوترێ لە ماکیاڤیلی بە دوا مۆدێرنیتەی سیاسی دەبێتە سیاسەتێکی مرۆیی. بەلآم ئەگەر سیاسەت چیەتییەکی مرۆیی هەیە، بەم پێیە سیاسەت بەیانگەری پرۆژەیەکی مرۆییە و تێفکرین لەم پرۆژە مرۆییە و بە مانای دەستەبەر کردنی فەزایەکە بۆ کرداری سیاسی. لە روانگەی ماکیاڤیلی دا, ئەم فەزای کرداری سیاسییە فەزایەکی خودموختارە، چونکە " لە خۆیدا " و " لەبۆ خۆی" بیچم دەگرێ، واتا رەگەزێك لە دەرەوەی خۆیەوە چیەتییەکەی دیاری دەکات. بەم شێوەیە ئەو فەلسەفە سیاسییەی کە لە مۆدێرنیتەی یەکەم دا بە ماکیاڤیلییەوە دەست پێدەکات نە لەسەر بنەمای رەگەزێکی خودایییە و نە لەسەر ئەساسی سیستەمە گەردوون تەوەرەکان، بەڵکوو روانینێکی تەواو و بە شێوەی رەها مرۆڤ تەوەرە.

لەم رووەوە دەشێ بگوترێ کە لە ماکیاڤیلی بەدوا، مۆدێرنەکان بە پێچەوانەی کلاسیکەکان (کۆنەکان) لە سیاسەت وەك " ئەو شتەی کە هەیە" ( واتا راستەقینەی مێژوویی – سیاسیی جیهان ) و نەك " ئەو شتەی کە دەبێ وا بێ " ( واتا مەدینەیەکی ئەفلاتوونی یان ئاگۆستینی ) بیر دەکەنەوە. کێشەی

مۆدێرنەکان، سیاسەتی ئارمانیی یتۆپیا نییە، بەڵکوو راستییەکی سیاسییە کە لە قاڵبی "حاکمییەت" دا بیچم دەگرێ. کەواتا راستەقینەی سیاسی لە جیهانێکی مێژووییدا جێ دەگرێ نەك لە جیهانی دەرەوەی مێژوو. لێرەدا ماکیاڤیلی باس لە "زەروورەتێك" دەکات کە مێژووییە نەك یۆتۆپیایی. گەلاڵەی تەوەری " زەروورەت" لە لایەن ماکیاڤیلییەوە بە مانای روانینێکی نوێیە بۆ پەیوەندی نێوان ئاکار و سیاسەت. لە چاوی شەهریاری ماکیاڤیلی دا غایەتی کرداری سیاسی، چاکە و خراپە نییە، بەڵکوو ئۆتۆریتە یان نەبوونی ئۆتۆریتەیە. بە بۆچوونی ماکیاڤیلی، پیاوانی سیاسی یان پێغەمبەرانێکی چەکدارن یان پێغەمبەرانێکی بێ چەك. هەر لە بەر ئەوەیە ماکیاڤیلی کرداری سیاسی لە پێوەندی لە گەڵ مەزنیتی ئاکاری دا گەلالە ناکات. بەڵکوو باس لە هونەر و لێوەشاوەیی (virtu) دەکات کە سیاسەتوان بۆ دەستەمۆ کردنی زەروورەتی مێژوویی پێویستی پێیەتی. هەر وەك دەبینین سیاسەت لە ئەندێشەی مۆدێرنیتەی یەکەم دا (بە پێچەوانەی فەلسەفەی سیاسیی سەدەکانی ناوەڕاست کە وەك قەڵەمڕەوی گوناه و گوناهکاری لە سیاسەتیان دەڕوانی) قەڵەمڕەوی کرداری مرۆڤەکانە لە قاڵبی حاکمییەتی شەهریاری یان کۆماری دا.

(ژان بۆدەن) نووسەری شەش وتار سەبارەت بە کۆماری، لە درێژەی تیۆریی سیاسی ماکیاڤیلی دا، بە واتای "ئیرادەی حوکمڕان" لە حاکمییەت دەدوێ. لە روانگەی بۆدەن دا حاکمییەت واتا دارا بوونی هێزی یاسا دانان. کەواتا بە گوتەی بۆدەن دەوڵەت لەسەر بنەمای هێز دادەمەزرێت و ئەم هێزە خاوەنی چییەتییەکی مێژوویی – سیاسییە. بەم شێوەیە لەگەڵ هاتنە ئاراوەی بۆدەن دا پرەنسیپی حاکمییەت لە قاڵبی دەوڵەتی مێژووییدا دەردەکەوێ. دەوڵەتی مۆدێرن لە شێوەی دەسەڵاتێکدا سەرهەڵدەدات کە " مەشرووعییەت تەوەر" و " حاکمییەت تەوەر"ە، چونکە مەشرووعییەت و حاکمییەتەکەی هەردووك لە دەسەڵاتێکی سیاسی دا کورت دەبنەوە کە "ئەم جیهانی"یە.

لەگەڵ توماس هۆبز و پڕۆژەی لێڤیاتان، حاکمییەت دەبێتە پایە و بنەمای مرۆییی یاسا. هۆبز بە پێچەوانەی ماکیاڤیلی کە شەهریار دەکاتە ناوەندی حاکمییەت، لە تاکەکان وەك بەدیهێنەرانی پەیمانی کۆمەلایەتی دەڕوانێ. بە رای ئەو، حاکمییەت، یەکێتی تاکەکانی کۆمەڵگایە لە پەیکەرێکی سیاسی دا وپەیڕەوی کردنی ئەوان لە نۆرم و ستراکتۆرەکانی ئەم پەیکەرە. ئەوەی دەبێتە هۆی ئەم یەکێتی و پەیمانە، پرسی ئاسایش و ترس لە مردنە. هەر لەبەر ئەمە، غایەتی پەیمانی هۆبزی، ئاشتەوایی بەردەوامی پێکهاتەی سیاسییە لە رێگەی یاساوە. هۆبز بۆ راڤە کردنی ئەو کۆمەڵگا سیاسییەی کە رەچاوی کردووە لە چەمکی " دۆخی سروشتی" بە واتای دۆخێکی لۆژیکی پێش سیاسی، دەدوێ. بەم سوود وەرگرتنەی هۆبز لە چەمکی " سروشت" بە مانای فووسیسی یۆنانی نییە، بەڵکوو گەڕانەوەی ئەوە بۆ سروشتی بە ماتماتیکی کراوی گالیلۆ و

دیکارت. " یاسای سروشتی" کە هۆبز باسی لێوە دەکات نە سروشتێکی غایەت گەرایە و نە سروشتێکی خودایی. مەبەستی هۆبز دامەزراندنی فەلسەفەیەکی سیاسی نوێیە کە تەواوکەری شۆڕشەکەی گالیلۆیە لە زەمینەی کاری فیزیکی دا. هەر بەم هۆیە دەشێ بگوترێ کە لێڤیاتان ی هۆبز یەکەم هەوڵە بەرەو پراکتیك کردنی سیاسیەت کە جێگەی روانینی ئەرەستوویی لە سیاسەت و مرۆڤ دا دەگرێتەوە. هەرچەندە کە لە لێڤیاتان دا هۆبز " خەڵك" بە سەرچاوە و مەشرووعییەتی دامەزراندنی پەیمانی کۆمەلایەتی لەبەر چاو دەگرێ بەلام باوەڕی وایە کە خەڵك لە بەرانبەر پەیمانێك دا کە لەگەڵ حاکمییەت دەیبەستن، بەشدار نین لە هیچ چەشنە ئازادییەکی سیاسی. فەلسەفەی سیاسی ئیسپینۆزا، دەشێ وەك ئەندێشەیەکی دژە هۆبزی لەبەر چاو بگیرێ، چونکە بنەمای فەلسەفەی سیاسیی ئەو لە ئیدەی "ترس لە مەرگ" دا نییە، بەڵکوو لەسەر ئەساسی چەمکی " ئازادی" یە. لەو شوێنەوە کە هۆبز لە ئارەزووە تاکییەکانەوە بەڕێ دەکەوێ، ئیسپینۆزا لە چەمکی " پۆتێنتیا" بە **potentia** مانای توانستی سروشتی مرۆڤ دەدوێ. لە روانگەی ئیسپینۆزا دا ئازادی پایە و بنەمای پەیکەری سیاسییە و غایەتی سامانی سیاسی، ئازادی خەڵکە، نەك دەسەلات کردنی حوکمران بەسەر خەڵك دا. هەر بەم ئاراستەیە، ئیسپینۆزا گوازتنەوەی گشت دەسەلاتەکان بۆ یەك کەس بە جۆرێك لە کۆیلایەتی دەزانێ نەك ئاشتەوایی. رەنگە هەر بەم هۆیە، بە بۆچوونی ئیسپینۆزا توانستی سروشتیی تاکەکان شتێکی شیتاڵ هەڵنەگر و جیانەکراوەیە، چونکە بە گوتەی ئەو ئازادیی سیاسی زەروورەتێکی سروشتییە. مۆنتسکیۆ- ش هەروەك ئیسپینۆزا ئازادی مرۆڤ بە غایەتی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن دادەنێ. پرۆژەی مۆنتسکیۆ لە " رۆحی یاساکان" دا تێفکرینە لەمەڕ ئازادی و بیچم پێدانی لە قاڵبی یاسای بنەڕەتی دا. لە روانگەی ئەودا، ئازادی تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ زەروورەتی یاساکان دا ئەگەری هەبوونی هەیە و ئەوەیکە ئێمە ناوی "یاسا" ی لێدەنێین شتێك نییە جگە لە پەیوەندی ئامادەی نێوان توخمە پێکهێنەرەکانی سامانێکی مێژوویی – سیاسی. کێشەی مۆنتسکیۆ بە پێچەوانەی هۆبز و ئیسپینۆزا بەدیهێنانی پەیمانێکی کۆمەلایەتی نییە، بەڵکوو بالانسێکی سیاسییە لە کۆمەڵگادا.

پرسیاری فەلسەفیی ئەو لەسەر شێوەی دامەزراندنی پەیکەری سیاسی نییە. فەلسەفەی سیاسیی مۆنتسکیۆ لە سەر ئەساسی پرسیارێك سەبارەت بە دامەزراوەکان و بە تایبەت دامەزراوەی یاسا، گەلاڵە کراوە..مۆنتسکیۆ لە خۆی دەپرسێ: " چ شتێك ستراکتۆری دامەزراوەیەکی سیاسی دیاری دەکات؟ "و وەلامی ئەو بۆ ئەم پرسیارە یەکگرتوویی نێوان " سروشت" و "پرەنسیپ" ە. دەوڵەت لە روانگەی مۆنتسکیۆ دا گشتێکی سروشتی و پرەنسیپاڵە. سروشت یان سروشتی هەر حکوومەتێك لەگەڵ پرەنسیپێك دا دەگونجێ، بۆ وێنە ترس بۆ

ئیستبداد و فەزیلەت بۆ کۆماری. لەبەر ئەوە، بە دەستەبەر کردنی بالأنس لە دەوڵەت دا پێویستە سەرنج بدرێتە پەیوەندی نێوان هێزە سێیانەکان و بە شێوەیەکی چەمکی لێك جیا بکرێنەوە. بە گوتەی مۆنتسکیۆ لە دەوڵەتێکدا کە لەسەر ئەساسی ئازادی دامەزرابێت، هەر هێزێك ڕێگە لە ڕەها بوونی هێزەکەی تر دەگرێت. هەروەك دەبینین، فەلسەفەی سیاسی مۆنتسکیۆ بۆ یەکەم جار لەسەر بنەمای جیاکارییەکی کۆمەڵناسانە لە چەشنە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات وەرگیراوە و مۆنتسکیۆ وەك کۆمەڵناسێکی مۆدێرن ئەم جیاکاری و پۆلێنبەندییەی بە بەها دان بە یاسای بنەڕەتی ئینگلستان لە بەرانبەر ئیستبدادی پاشایی لە فەڕەنسا دا بیچم دەدات.

مۆنتسکیۆ بە شوێن مۆدیلێکی گشتی و جیهانی دا دەگەڕێ بۆ حاکمییەتی سیاسی کە بە بۆچوونی ئەو لە یاسای بنەڕەتی ئینگلستان دا دەردەکەوێ.

هاوکات لەگەڵ ڕۆسۆ چەمکی حاکمییەت بە گشتی دەکەوێتە بەر پرسیار. هۆبز، ئیسپینۆزا و مۆنتسکیۆ، هەرسێکیان وەك ناوبژیوان باس لە حاکمییەت دەکەن. بەلأم ڕۆسۆ حاکمییەتی خەڵك بە بناغەی مەشرووعییەتی سیاسی دادەنێت نەك پرەنسیپی نوێنەرایەتی. لەم ڕووەوە ڕۆسۆ فەیلەسوفێکی مۆدێرنە بە دەروونێکی کلاسیکەوە، چونکە هەوڵ دەدات ئەزموونی یۆنانی کۆن لە مۆدێرنیتەی سیاسی دا پیادە بکات. لە لای ئەو نوێنەرایەتی سیاسی شتێك نییە جگە لە گەندەڵی حاکمییەت، چونکە بە ڕای ئەو ئیرادەی خەڵك شتێکی شیتاڵ هەڵنەگرە. بنەمای وجوود ناسانەی فەلسەفەی سیاسیی ڕۆسۆ "ئیرادەی گشتی" Volonta generale یە.

" ئیرادەی گشتی" دەقێکی گشتییە کە ئازادی هەموان گەرەنتی دەکات. کەواتا "ئیرادەی گشتی" یانی ئیرادەی خەڵك کە بەیانگەری ئەندێشەی خەڵکە سەبارەت بە خەڵك. بە واتایەکی تر، بە گوتەی ڕۆسۆ کاتێ کە خەڵك بیر دەکەنەوە، ئەندێشەی ئەوان بیچمێکی گشتی بە خۆوە دەگرێت. چونکە لە بیچمێکی گشتی دا بیر لە ئازادی دەکەنەوە. گومانی تێدا نییە کە ڕۆسۆ یەکێك لە گرینگترین تەوەرەکانی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرنە و تەواوی هەوڵی فەلسەفی و سیاسی و لیبرالیزم ی سە رلە بەری سەدەی نۆزدەهەم ( کەسانێك وەك بێنیامین کۆنستان) بە مەبەستی ڕەتکردنەوەی هزری سیاسیی ڕۆسۆ و تیۆریی دیموکراسیی بێ نێوبژیوان ی ئەوە. لە ڕۆسۆ بە دوا و بە شۆڕشی فەڕەنسا و ئەنجامە فەلسەفی و مێژوویی‌یەکانی، دەورەی مۆدێرنیتەی سیاسی دووهەم دەست پێدەکات کە دەشێ بەیانی فەلسەفییەکەی لە سێ فەیلەسوفی ئەڵمانی واتا کانت، فیشتە و هیگڵ دا ببیندرێت. ئەگەر ئەوەمان قەبووڵ بێت کە ڕۆسۆ بیرمەندێکە کە لە گشتایەتیی دەوڵەتی مۆدێرن، نەك لە قاڵبی " تێزێکی مێژوویی"دا (وەك مۆنتسکیۆ) بەڵکوو لە چوارچێوەی ئایدیایەکی فەلسەفی دا (وەك ئیرادەی گشتی) خورد دەبێتەوە، کەواتا دەشێ ئەو ئەنجامە بگیرێ کە

ئایدیالیزمی ئەڵمانیی کانت، فیشتە و هیگڵ هەوڵێکە بۆ سیستماتیك کردنی ئەم ئایدیایە و درکاندنی لە قاڵبێکی مێتافیزیکی دا. خوێنەرە وردبینەکانی کانت دەزانن کە ئەو پەیکەری سیاسی و غایەتەکەی لەسەر بنەمای ئاوەزی پەتیی پراکتیکی دادەڕێژێت. ئەنجامی فەلسەفیی ئەم کارە دوو شتە: یەکیان، بایەخ دان بە ژیانی هاوبەشی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ماف وەك ئیدەی پێشینەیی ئاوەز و ئەویتر گەلاڵەی چۆنیەتی پەیوەندی نێوان شارۆمەندان و دەوڵەت لەسەر بنەمای چەمکی ماف. لە روانگەی کانت دا ئەوەی کە رەهایە و دەبێ پەیڕەوی لێبکرێ حاکمییەتی یاسایە نەك حاکمییەتی حوکمڕان، چونکە یاسا ئیدەیەکی ئاوەزییە کە ئاوەز بەشێوەیەکی خودموختارانە دەیبەخشێت بە خۆی. پەیڕەوی لە یاسا بە مانای پەیڕەوی لە ئاوەز و هۆشیاربوون لە چەمکی "مرۆڤایەتی"یە کە لە شێوەی چەمکێکی گشتی، دەمانگەیەنێتە ئیدەی ئاشتەوایی بەردەوام و پەیوەستە. بە گوتەی کانت ئیدەی ئاشتەواییی بەردەوام بەرهەمی دەرکەوتنی کارکردی ئاوەزی پراکتیکییە. بە واتایەکی تر، فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن بە تێبینی کردنی دەوڵەت وەك بابەتێکی سیاسی، ئیرادەی مۆدێرن غایەتی خۆی لە ئاشتەوایی شارستانی و نێونەتەوەیی دا بە بەردەوام و پەیوەستە دەبینێتەوە. بەم شێوەیە، چونکە کۆمەڵگای سیاسی لەسەر ئەساسی هیچ جۆرە پرەنسیپێکی سەروەر و پێشتر دیاریکراو دانەنراوە، کەواتا دەرکەوتی حاکمییەتی ئاوەزیی خەڵك لە قاڵبی یاسادا بیچم دەگرێ.

لێرەدا دەگەینە فەلسەفەی سیاسیی هیگڵ کە خاڵی کۆتایی دەورەی دووهەمی مۆدێرنیتەی سیاسییە. ئامانجی هیگڵ ئاشت کردنەوەی ئیدەی رۆسۆیی دەوڵەتە ( کە لەسەر ئیرادەی گشتی وەستاوە) لەگەڵ فەلسەفەی دیاردەناسانەی خۆی دا (کە رەوتی ئاوەز لە مێژوودایە). دەوڵەتی هیگڵ پێکهاتەیەکی مۆدێرن و ئاوەز باوەڕە، چونکە هەروەك دیتمان یاسا لە روانگەی مۆدێرنەکان دا دەرکەوتی کۆمەڵگای مۆدێرنە. لە روانگەی هیگڵ دا دەوڵەتێك کە ئاوەز باوەڕانە بیر لە خۆی دەکاتەوە لە چوارچێوەی گشتێکی یاسایی یان یاسایەکی گشتی دا ئەم کارە ئەنجام دەدات. هەر بەم هۆیە، هیگڵ پێی وایە هەر شتێك کە واقعییە، عەقلانییە و هەر شتێکیش کە عەقلانییە واقعییە. بە بۆچوونی هیگڵ، دەوڵت، خاڵی پێکگەیشتنی نێوان راستەقینەی مێژوویی و ئاوەزی دیاردەناسانەیە. هیگڵ بەپێچەوانەی تیۆریسییەنانی پەیمانی کۆمەلایەتی لە بیری شیکردنەوەی "دۆخی سروشتی" دا نییە، چونکە لە بیری تێفکرین لەمەڕ سەرچاوەی دەوڵەت دا نییە. لە لای هیگڵ، دەوڵەت داتایەکی مێژوویی و دیاردەناسانەیە و هەر بەم ئاراستەیە، پێکهاتەی دەوڵەت، خودی دەوڵەتە. کەواتا لەگەڵَ هیگڵ ، فەلسەفەی سیاسی بیچمی مێژووباوەڕ بە خۆوە دەگرێ، چونکە دەوڵەتی هیگل سەرچاوە و غایەتێکی مێژوویی هەیە. بە گوتەی هیگڵ ،دەوڵەت راستییەکە کە لەوێدا پاژێتیی تاك لەگەڵ هەمەکێتیی ئاوەز دەکەونە

ئاشتەواییەوە. رەنگە هەر لەبەر ئەوە بێت کە تەنیا دەوڵەت و نەك کۆمەڵگای شارستانی، دەتوانێ ئیدعای هەمەک بوون بکات، چونکە کۆمەڵگای شارستانی فەزای ئابووری کۆمەڵگا پێك دێنی واتا، "سیستەمی پێداویستییەکانە" و ئازادی لە چوارچێوەی سیستەمی پێداویستییەکان دا گەلاڵە ناکرێ. هیگڵ، فەلسەفەی سیاسی بە راستەقینەی "ئاکاری گشتی" **sittlichkeit** وەسف دەکات. ئاکاری گشتی، یەکێتی نێوان "مافی خەیاڵی" و "ئاکار"ە. واتا ئەو شوێنەیکە کە ماف لە شێوەی ئاکاری گشتی دا لە لایەن شارۆمەندانەوە دەروونی دەکرێ. کەواتا، ئاکاری گشتی، هاوشێوەیی نێوان راستەقینەی دەستەبەر بووی تاکەکان بە واتای ئازادی و پرۆسەی بیچم گرتنی مافە. دەوڵەت ئاوەزیترین و دوایین قۆناغی بیچم گرتنی مافە. بە گوتەی هیگڵ، دەوڵەت، ئازادیی دەستەبەر بووە. هەروەك دەبینین بە بۆچوونی هیگڵ فەلسەفەی سیاسی قۆناغێکە لە پرۆسەی گشتیی رۆح و زەین کە بە شێوەیەکی دیاردەناسانە- لۆژیکی لە مێژوودا دەستەبەر دەبێت. بەم شێوەیە لەگەڵ فەلسەفەی سیاسی هیگڵ، دەورەی دووهەمی مۆدێرنیتەی سیاسی کۆتایی پێدێت. کەواتا بە هەمان شێوە کە بە گوتەی هیدگێر، هیگڵ کۆتایی مێتافیزیکی زەینییەتە، کۆتایی دەورەیەك لە فەلسەفەی سیاسی مۆدێرنیش هەیە.

دەورەی سێهەمی مۆدێرنیتەی سیاسی بە مارکس و نیچە دەست پێدەکات. تایبەتمەندیی ئەم دەورەیە، دژایەتی لەگەڵ فەلسەفەی سیاسی هیگڵ و مێتافیزیکی زەینییەتە. مارکس و نیچە بە بردنە ژێر پرسیاری مێژووی مێتافیزیکی رۆژاوا و بە تایبەت مێژووی زەینییەت، رەچەڵەکی فەلسەفەی سیاسی دەبەنە ژێر پرسیار. لە روانگەی مارکس دا وڵام دانەوە بە پرسیارە کۆمەلایەتی و سیاسییەکان ئیتر ئەرکی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن نییە،چونکە بە گوتەی ئەو ئەمە پراکسیسی شۆڕشە کە بیچمی سیاسی داهاتوو دیاری دەکات و پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی نێوان شارۆمەندان دیاری دەکات. مارکس، سیاسەت لە بازنەی سیاسەت وەدەردەنێ، چونکە بە بۆچوونی ئەو فەلسەفە ئیتر توانای بیر کردنەوە دەربارەی سیاسەتی نییە. مارکس بە بردنە ژێر پرسیاری پەیکەری سیاسی فەلسەفەی هیگڵ، سەرلە نوێ لەسەر بنەمای هەمەکییەتێکی شۆڕشگێرانە، ئازادی مێژوویی وەسف دەکاتەوە. بەم شێوەیە مارکس، "بوونناسی شۆڕش " دەکاتە جێ نشینی دیاردەناسی سیاسیی هیگڵ.

نیچە، بە نۆبەی خۆی بە بردنە ژێر پرسیاری مێژووی فەلسەفەی رۆژاوا ( کە خاڵی سەرەتاکەی ئایدیالیزمی ئەفلاتوون و خاڵی کۆتاییەکەی ئایدیالیزمی هیگڵی یە) فەلسەفەی مۆدێرن تووشی قەیران دەکات. ئەو بە رەخنە گرتن لە بەهاکانی مەسیحییەت و بەها سیاسییەکانی کۆمەڵگای بۆرژوازیی مۆدێرن، بەشوێن روخسارێکی جۆری و ئەزەلی نوێوەیە بۆ مرۆڤ کە لە بیچمی کلیدیی " ئیرادەی دەسەڵاتگەرا" دا بیچم دەگرێ. بەم شێوەیە نیچە هەوڵ دەدات لە

مرۆڤی دیموکراتیکی مۆدێرن تێپەڕێت و بگاتە مرۆڤێکی نوێ بە بەهاگەلێکی فەلسەفی و سیاسی نوێوە. تێپەڕینی نیچە لەوەیکە بە " زەمانی مرۆڤایەتی" ناودێر دەکات، بە مانای رەتکردنەوەی گەوهەری مرۆیی نییە بەڵکوو بە واتای کامڵ کردنیەتی. نیچە بە شوێن رینسانسێکی نوێوەیە کە رەخنەی رەهای بەهاکانی لەگەڵدایە. رەخنەی رەهای بەهاکان بە مانای رەخنە و تێپەڕین لە هێزی لاوازکەر و وێرانکەری مروڤە. بە گوتەیەکی تر، بە بۆچوونی نیچە ململانێی سیاسی شەڕێکی دەروونییە کە لە نێوان دوو روانینی ئاکاری لە دەروونی مرۆڤ دا روو دەدات. هەر بەم ئاراستەیە دەشێ بگوترێ کە بە هاتنی نیچە فەلسەفەی سیاسی دەبێتە رەچەڵەکناسی ئاکار.

بە رەخنەی نیچەیی و مارکسیی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن، رێگە بۆ دەورەی چوارەمی فەلسەفەی سیاسی ئاوەلاَ دەکرێت. لە گرینگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم دەورەیە رووبەرووبوونەوەی فەیلەسووفانی سیاسییە لەگەڵ پەرە سەندنی ئاوەز ئامێری و راستەقینەی تۆتالیتێری سەدەی بیستەم دا.لەم دەورەیەدا لەگەڵ سێ بزووتنەوەی بنەڕەتیی دژبەیەك لە فەلسەفەی سیاسی دا رووبەڕوو دەبینەوە. یەکەم، رەخنەی شتراوسیی فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرن کە دوا بە دوای رەخنەی هیدگێری لە مێژووی مێتافیزیك بیچم دەگرێ. دووهەم، رەخنەی ئارێنێت لە سیاسەتی مۆدێرن و دۆزینەوەی دووبارەی کرداری سیاسی و سێهەم، رەخنەی پاش مۆدێرن لە فەلسەفەی رۆشنگەری و سیاسەتی مۆدێرن کە دەگاتە قەیرانی سۆژەی مێتافیزیکی و هەرەس هێنانی بکەری سیاسیی مۆدێرن.

بە کورتی، لە فەلسەفەی سیاسیی پاش مۆدێرن دا سێ تەوەری سەرەکی ئەندێشە لە ئارادا هەیە کە لە بەرهەمەکانی فۆکۆ، بۆدریار و ڤاتیمۆ دا دەبیندرێ. میشێل فۆکۆ، فەلسەفەی سیاسی، لە قاڵبی ئەوەیکە بە " مایکرۆ فیزیکی دەسەڵات" ناوی دەبات، چێ دەکاتەوە. لە حاڵێکدا کە ژان بۆدریار باوەڕی بە هەرەس هێنانی بکەری سیاسی و کۆتایی فەلسەفەی سیاسییە. ڤاتیمۆ ش بە نۆبەی خۆی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە دەورەی پاش مێژوو دا (کە ئێمە تیایدا دەژین) ئێمە لەگەڵ قەیرانی چەمکە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی رەوایەتی دەوڵەتی مۆدێرن دەرگیرین. بەم شێوەیە، ئەزموونە سیاسی و کۆمەلاَیەتییە کورت خایەنەکان جێگەی رەوایەتی مێژوویی و سیاسییە درێژ خایەنەکان دەگرنەوە.

بەلاَم دیالکتیکی سەرەکی بۆ زیندووکردنەوەی فەلسەفەی سیاسی لە نێوان "لیئۆ شتراوس" و "هانا ئارێنت" دا روو دەدات. لیئۆ شتراوس بە دوای نیچە و هیدگێر دا لەسەر ئەم باوەڕەیە کە رۆژاوا تووشی قەیرانێکی قووڵی مەعنەوی بووە. بەلاَم ئەو بە پێچەوانەی نیچە و هیدگێر رەگەکانی ئەم نێهیلیزمە هاوچەرخە، لە گوازتنەوەی فەلسەفەی سیاسی کلاسیك بۆ فەلسەفەی سیاسی

مـۆدێرن دا دەبینــێ. لــە لای شــتراوس، هــزری سیاسـیی ڕۆژاوا خـاوەنــی دوو ڕوخسـارەیـە: ڕوخسـارەیـەکـی کلاسیکی و ڕوخسـارەیـەکـی مۆدێرن. جیـاوازی نێوان ئـەم دوو ڕوخسارەیە لـەسـەر بنـەمـای چـەمکـی " سروشت" دانراوە. لـە ڕوانگـــەی شـــتراوس دا فـــەلـــسەفـــەی سیاســـیی کلاســـیك "سروشـــت" وەك گوتـەزایەکی تا هەتایی لەبەر چاو دەگرێ کە دیاریکـەری نـەزمـی گـەردوونییـە. هەر بەم هۆیە لە لای کلاسیکەکان، " مافی سروشتی" لە ناو پێکهاتەی ژیانێکی هاوبەش دا گەلاڵە دەبێ. کلاسیکەکان "ژیانی هاوبەش" لەسەر بنـەمـای غایـەت **telos** دادەنـین. کـەواتـا دەشـێ بگـوترێ کـە فـەلـسەفـەی سیاسـیی کلاسـیکەکـان ئەندێشـەیەکی غایـەت باوەڕە. بە گوتـەی شتراوس تـەوەری سـەرەکـی فـەلـسەفـەی سیاسی کلاسیك گەلاڵە کردنی ئەم پرسیارەیە کـە: "باشترین سیستـەمـی سیاسـی کامـەیـە؟". شـتراوس لـەو بـاوەڕەدایـە کـە وەڵام دانـەوە بـەم پرسیارە لـە قـاڵبێکی مێژوو بـاوەڕدا نـاگونجێ. ڕەخنـەی شـتراوس لـە فـەلـسەفـەی سیاسـی مـۆدێرن پـەیـوەنـدی بـە جـەوهـەری مێـژوو بـاوەڕی ئـەوەوە هـەیـە. بـە گـوتـەی ئـەو، جـەوهـەری مێژووبـاوەڕیـی فـەلـسەفـەی سیاسـیی مـۆدێرن، "واقعییـەت" و "ئاڕمان" (واتا، ئەوەیکـە دەبێ وا بێ و ئـەوەیکـە وایـە) دەکاتـە یـەك. ماکیـاڤیلی یـەکـەم بیرمـەنـدی مۆدێرنـە کـە بـە مـەبـەستی پێکهێنـانی پێکهاتـەی فـەلـسەفـەی سیاسیی مۆدێرن، بیرۆکـەی نـەزمـی سروشتی و پۆلێنبـەندیکراوی یۆنـانی کـۆن دەخاتە بەر پرسیار و مێژوو وەك دەلاڵـی نێوان "ئـەوەیکـە هـەیـە" و "ئـەوەیکـە دەبێ وا بـێ" گـەلاڵـە دەکـات. بـە واتـایـەکـی تـر، شـتراوس کێشـەی گـەورەی فەلسەفـەی سیاسیی مۆدێرن لـەمـەدا دەبینـێ کـە مۆدێرنـەکـان پرسـی "باشترین سیستـەمـی سیاسـی" لـە پـەیـوەنـدی لـەگـەڵ یـەك تـاك دا (ماکیـاڤیلی) و یـان یـەك کۆمەڵ (ڕۆسۆ) لەبەر چاو دەگرن و "نـەزمـی سروشتیی عـەینـی" دەدەنـە بـەر ڕەخنـە. یـەکێـك لـە تـەوەرە گرینگـەکـانی لیئـۆ شـتراوس شـێوەی لێکدانـەوەی مۆدێرنەکان لـە دەقـە کلاسیکەکانـە. ئـەو لـەو بـاوەڕەدایـە کـە چونکـە فـەلـسەفـەی سیاسـیی کلاسـیك (واتـا ئـەفلاتـوون، ئـەرەسـتوو و فـەلـسەفـەی سـەدەکـانی نـاوەڕاسـت) مێـژوو بـاوەڕ نییـە، لـەبـەر ئـەوەش نـاتوانرێ لـە ڕێگـەی توێژینـەوەیەکی مێژووییەوە پەی بە ڕاستەقینـەی دەقـەکـانی فـەلسەفـەی کلاسیك ببرێت. بە گوتەیەکی تر پێویستە بۆ تێگەیشتن لە دەقی کلاسیك هـەوڵێـك بـدرێ بۆ تێگەیشتن لە "حەقیقەت" ی ئەو. ئەگەری کارێکی لەم چەشنە لە حاڵەتێکدایە کە تەنیا سەرنجی دەقەکان نەدرێت بەڵکوو سـەرنجی ئـەو دیـاردەیـە بـدرێت کـە دەقەکە دەیخاتە بەر چاومان. هەر لەبەر ئەمە، شتراوس باوەڕی بـە " هونـەری خوێندنـەوە لـە نێـوان هێڵـەکـان دا" یـە، چونکـە بـەڕوای ئـەو فـەیلـەسووفانی سیاسیی کلاسیك بۆ دوو جۆرە خوێنـەر دەیاننووسـی: جۆرێك خوێنـەری گشتی و جۆرێك خوێنەری تایبەت. ئەوەیکە بۆ هەموان نووسراوە، ئاشکرا و ڕوونـە، بـەڵام ئـەوەیکـە بۆ کـەسانی تایبـەت نووسـراوە، ڕەمزاوییـە. هـەروەك دەبینـین

سوننەتی شتراوسیی فەلسەفەی سیاسی، گەرانەوەیە بۆ فەلسەفەی کلاسیك. ئەم سوننەتە لە زانکۆی شیکاگۆ بیچمی گرت، دواتر لە لایەن شاگردەکانی شتراوسەوە بە تایبەت "ئالێن بلۆم" درێژەی پەیدا کرد.

سوننەتێکی تر کە لە سی ساڵی رابردوو دا کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پێکهاتەی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرن هەبووە، لە ئەندێشەی سیاسی هانا ئارێنت دا خۆ دەنوێنێ. هەرچەندە کە ئارێنت خۆی وشەی " تیۆریی سیاسی" بە جێگەی "فەلسەفەی سیاسی" بەکار دەبات و بە ئاشکرایی لە کتێبەکەی دا "سوننەتی شاراوە" ئاماژە بەم بابەتە دەکات کە " پەیوەندی بە کۆڕی فەیلەسووفانەوە نییە"، بەلاَم سەرەڕای ئەوەش، دەوری ئەو لە بیچم پێدان بە فەلسەفەیەکی سیاسیی دیموکراتیکی نوێ لە رۆژاوا گرینگ بووە. هەرچەندە ئارێنت دابەشکاریی شتراوسیی نێوان فەلسەفەی سیاسیی کلاسیك و فەلسەفەی سیاسیی مۆدێرنی قەبووڵ نییە، بەلاَم ئەو خۆی یەکێك لە رەخنەگرە جددیەکانی مۆدێرنیتەیە. ئارێنت باوەڕی وایە کە ئێمە لە دەورەی مۆدێرنیتە دا گەیشتووینەتە دوو جۆر لە نامۆیی، لە لایەکەوە نامۆیی لە جیهان و لە لایەکی ترەوە نامۆیی لە گۆی زەوی. ئەم نامۆییە دوولایەنەیە بە هۆی کەلەبەرێکەوەیە کە لەگەڵ رابردووی ئێمەدا بەدیهاتووە. بە لاَم ئارێنت بە ئاگایی تەواوەوە لەم کەلەبەرە، هەوڵ دەدات پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان مرۆڤە مۆدێرنەکان و میراتی فەلسەفی رابردوو دا دروست بکات. ئەو ئەم پەیوەندییە لە کرداری "بیر کردنەوە" دا دەبینێ. ئەندێشە لە لای ئارێنت بە مانای گەلاَڵەی پرسیارێکە سەبارەت بە چییەتی سیاسەت و چۆنیەتی ژیانی سیاسیی مرۆڤەکان. بە گوتەی ئارێنت لە دەورانی ئێمە دا پەیوەندی نێوان "ئەندێشە" و "رووداو" پچڕاوە و ئەرکی فەیلەسووف و بیرمەند، سەرلەنوێ خوێندنەوەی رووداوەکانە. بیر کردنەوە لەمەڕ رووداوەکان بە مانای بەدیهێنانی تەوەرەگەلی فیکرییە بە مەبەستی سامان بەخشین بە مانای سیاسەت. لەو لایەنەوە کە سیاسەت جیهانێکی هاوبەشە کە مرۆڤەکان لێك نزیك دەکاتەوە، دەتوانرێ سیاسەت وەك تەنیا فەزایەك لەبەر چاو بگیرێ کە مانا بە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا دەبەخشێ. لە روانگەی ئارێنت دا سیاسەت تەنیا فەزایەکە کە مرۆڤەکان دەتوانن تیایدا ئازادی خۆیان بەدەست بێنن. لەم رووەوە سیاسەت جیهانی فرە چەشنییە. چونکە جیهانی هاوبەشی مرۆڤەکانە. ئەم فرە چەشنییە، مەرجی پێویستی "وتە" و "کردار" ی مرۆییە. بە رای ئاڕنێت "کردەوە"هەمیشە سەرەتایەکی نوێیە و ئەم دەسپێکە نۆێیەیە کە رێگەمان پێدەدا ئازاد بین. ئاڕنێت دوو تەوەری ئازادی و کرداری سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ دوو پرسیار دا گەلاَڵە دەکات. یەکەم ئەوەیکە، چلۆن دەتوانرێ لە پاش ئەزموونی سیستەمە تۆتالیتێرەکان بیر لە سیاسەت بکرێتەوە؟ و دووهەم، چۆن و لەبەر چی لە جیهانی ئەمڕۆ دا فەزای تایبەتی زاڵ بووە بەسەر فەزای گشتی دا؟ لە روانگەی ئاڕنێت دا، ولاَم دانەوە

بەم پرسیارە لە شێوەی بیر کردنەوە و بڕیار دان لەسەر ڕووداوە مێژووییەکان دا کورت دەبێتەوە. بە گوتەی ئەو، بیر کردنەوە واتا گەڕان بە شوێن مانا دا و گەلاڵە کردنی پرسیار لە بابەت جیهانی هاوبەشی مرۆڤەکان. لەبەر ئەوە، تەنیا لە ڕێگەی گەلاڵەی پرسیار و بڕیاری دروستەوەیە کە مرۆڤەکان دەتوانن لەمەڕ تەوەری "شەڕ" (کە هەڕەشە لە سیاسەتی جیهانی هاوچەرخ دەکات) بەرپرسیارانە بیر بکەنەوە و کار بکەن. لە لای ئارێنت تەنیا ڕێگەی بەربەرەکانێ لەگەڵ "شەڕ" و نائومێدی کە لە زەمینەی سیاسەت دا بەدی دێت، ڕامانی سەرلەنوێیە لە سیاسەت. سەرلەنوێ بیر کردنەوە واتا توانستی گەلاڵە کردنی پرسیار لە بەرانبەر ئەم ڕووداوە سیاسییانەدا کە هانمان دەدەن بۆ پرسیار کردن. کەواتا لە وڵامی ئەم پرسیارەدا کە "فەلسەفەی سیاسی چییە؟" دەشێ بگوترێ: فەلسەفەی سیاسی سیاسەتێکی بیر لێکراوەیە، واتا ئەو شوێنەی کە سیاسەت خۆی دەبێتە چەمکێکی فەلسەفی. بەم شێوەیە، فەیلەسووفی سیاسی بە گەلاڵە کردنی چەمکی ڕاستەقینەی سیاسەت دەستی دەگاتە ڕاستەقینەی سیاسەت چونکە فەلسەفەی سیاسی شتێك نییە جگە لە سیاسەتێکی فەلسەفی.

**"عەتا جەماڵـــــی"**